# نوێژی تەوبە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ موحەممەد ساڵح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# صلاة التوبة

« باللغة الكردية »

## الشيخ محمد صالح المنجد

ترجمة: فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1436

IslamHouse.com

# نوێژی تەوبە

ئـەم پـرسـیــارە ئـاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئـیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار** : نوێژێ تـەوبـە چۆن دەکرێت ؟ وە چـەنـد ڕکـاتـە ؟ وە ئـایـا دەکرێت پـاش نـوێژی عـەسر ئـەنـجـامـی بدەم ؟

**وەڵام** : سوپـاس وستـایـش بـۆ خـوای گـەورە ومیـهرەبـان ودرود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پـێشـەوای مرۆڤـایـەتـی محـمدی پـێغـەمبـەری ئـیسلام و ئـال وبـەیـت و هـاوەڵ وشـوێـنـکـەوتـوانـی هـەتـا هـەتـایـە .

یـەکێك لـە ڕەحمـەت و سـۆز ومیـهرەبـانـیـەکـانـی خـوای گـەورە بـەسـەر ئـەم ئـوممـەتـەوە، ئـەوەیـە دەرگـای تـەوبـەی لـێکـردوەتـەوە، ئـەمـەش بـەردەوامـە تـا ئـەو کـاتـەی مـرۆڤ گـیـانـی دەکـێشـرێت ودەگـاتـە گـەرووی، یـان ڕۆژ لـە ڕۆژئـاواوە هـەڵدێت، هـەروەهـا یـەکێکی تر لـە

ڕەحمەتەکانی خوای گەورە بۆ ئەم ئومەتە ئەوەیە باشترین و چاکترین عیبادەت و پەرستنەکانی بۆ دیاری کردووە، بۆ ئەوەی بەندەکانی خوای گەورە بەهۆیانەوە لە پەروەردگار نزیك بێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی خوای گەورە تەوبەی لێ گیرا بکات، ئەویش بریتیە لە ئەنجامدانی نوێژی ( تەوبە )، ئەو بابەتانەشی کە پەیوەندن بەم نوێژەوە ئەمانەی خوارەوەیە :

یەکەم : ئەم نوێژە کارێکی مەشروع وڕێگا پێدراوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەویش بە بەڵگانەی کە باسیان دەکەین :

عن أبي بَكْرٍ الصديق رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ أَنَّهُ قَالَ : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ : « مَا مِنْ عَبْدٍ يُذْنِبُ ذَنْبًا فَيُحْسِنُ الطُّهُورَ ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ ، ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللَّهَ إِلَّا غَفَرَ اللَّهُ لَهُ ، ثُمَّ قَرَأَ هَذِهِ الْآيَةَ : ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ

ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ

يُصِرُّوا عَلَى مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ » [ سنن أبو داود (١٥٢١) صححه

الألباني في صحيح أبي داود ] .

واتا : ئەبو بەكری صدیق ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و

دەڵێت : لە پێغەمبەری خوام بیست ( صلى الله عليه وسلم ) كە

فەرموویەتی : هەر یەكێك لە عەبدەكانی خوای گەورە تاوانێكی

ئەنجامدا، پاشان دەست نوێژێكی جوانی گرت، ودواتر دوو ڕكات

نوێژی كرد، وئەمجا داوای لێخوش بوونی لە خوای گەورە كرد،

خوای گەورە لێی خۆش دەبێت، پاشان پێغەمبەری خوا ( صلى الله

عليه وسلم ) ئەم ئایەتەی خوێندەوە : ﴿ وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ

ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ وَمَنْ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلَّا اللَّهُ وَلَمْ

يُصِرُّوا عَلَىٰ مَا فَعَلُوا وَهُمْ يَعْلَمُونَ ﴾ واتا : ئەوانەش کە تاوان یان گوناهێک ئەنجام دەدەن، یاخود ستەم لە خۆیان دەکەن (دوایی بە خۆیاندا دێنەوەو سزای) خوا دێتەوە یادیان، ئەوسا داوای لێخۆشبوون دەکەن، جا کێ هەیە کە لە گوناهان خۆش ببێت جگە لە خوا؟ هەروەها لەسەر گوناهو تاوانیان بەردەوام نابن، لە کاتێکدا دەزانن (ئەوە تاوانە ) .

عن أَبي الدَّرْدَاءِ رضي الله عنه قال : سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُولُ :

« مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ وضوؤه ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ أَوْ أَرْبَعًا (شك أحد الرواة) يُحْسِنُ فِيهِمَا الذِّكْرَ وَالْخُشُوعَ ، ثُمَّ اسْتَغْفَرَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ ، غَفَرَ لَهُ » [ مسند أحمد (٢٦٩٩٨) قال محققو المسند : إسناده حسن وذكره الألباني في "سلسلة الأحاديث الصحيحة" (٣٣٩٨ ) ]

واتا : ئەبو دەرداء ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەڵێت : لە پێغەمبەری خوام بیست ( صلى الله عليه وسلم ) دەیفەرموو : هەرکەسێك دەست نوێژێکی جوان وباش بگرێت وپاشان دوو ڕکات یان چوار ڕکات نوێژ بکات و بە جوانی ذیکر و یادەکانی خوای گەورە تێدا بکات و خشوعی هەبێت، ودواتر داوی لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، خوای گەورە لێی خۆش دەبێت .

دووەم : هۆکاری نوێژی تەوبە :

هۆکاری ئەنجامدانی نوێژی تەوبە ئەوەیە مرۆڤی موسڵمان کاتێك دەکەوێتە ناو تاوان و گوناهێکەوە، جا گوناهی گەورە بێت یان بچووك، پێویستە لەسەری زۆر خێرا تەوبە لەو گوناهە بکات و داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، وە سوننەتە کە دوو ڕکات یان چوار ڕکات نوێژ ئەنجام بدات، ولەکاتی تەوبە کردنەکەشیدا کاری خێر وچاکە بکات بۆ ئەوەی لەخوای گەورە

پێی نزیك بێتەوە، باشترین كارێكیش بیكات نوێژ كردنە بۆ ئەوەی بەهۆیەوە لەخوای گەورە خۆی نزیك بكاتەوە، و لە خوای گەورە بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی پەروەردگار تەوبەكەی لێگیرا بكات، و لەگوناهەكەی خۆش بێت .

سێهەم : كاتی ئەنجامدانی نوێژی تەوبە :

سوننەت وایە وا باشە مرۆڤی موسڵمان كاتێك عەززمی جەزم كرد و خۆی یەكلایی كردەوە كە دەیەوێت تەوبە بكات لە گوناهو تاوانێك كە كردویەتی نوێژی تەوبە بكات، جا ئەو تەوبە كردنەی ڕاستەوخۆ پاش ئەنجامدانی گوناهو تاوانەكەی بێت، یان ماوەیەكەیشی بەسەردا تێپەڕ بووبێت، چونكە واجبە لەسەر ئەو كەسەی كە تاوان وگوناهێك دەكات خێرا بكات لە تەوبە كردن و گەڕانەوە بۆ لای خوای گەورە، خۆ ئەگەر دوای خست ئەوە هەر دەبێت، چونكە خوای گەورە تەوبەی بەندە گوناهبارەكانی

وەردەگرێت، بەڵام بەو مەرجەی یەکێك لەم ڕێگریانەی خوارە ڕوو نەدات :

١- ئەگەر ڕوح وگیان گەشتە گەروو بۆ کێشانی، چونکە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « إِنَّ اللَّهَ يَقْبَلُ تَوْبَةَ الْعَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ » [ حسنه الألباني في صحيح الترمذي (٣٥٣٧) ]

واتا : خوای گەورە تەوبەی بەندەکەی وەردەگرێت مادام نەگەشتبێتە کاتی غەرغەرە و کێشانی .

٢- ئەگەر هاتوو ڕۆژ لە ڕۆژ ئاواوە هەڵهات، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « مَنْ تَابَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا تَابَ اللَّهُ عَلَيْهِ » [ رواه مسلم -٢٧٠٣ ] .

واتا : هەرکەسێك پێش هەڵهاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە تەوبەی کرد خوای گەورە تەوبەکەی لێگیرا دەکات .

ئەم نوێژەش لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لە هەموو کاتێکدا کارێکی مەشروع وڕێگا پێدراوە، تەنانەت لەو کاتانەشی کە ڕێگری کراوە مرۆڤی موسڵمان نوێژیان تێدا ئەنجام بدات، وەك دوای نوێژی عەسر، چونکە ئەم نوێژە لەو نوێژانەیە کە بەندە بە هۆکارێکەوە، بۆیە بەهۆی بوونی هۆکارەکەیەوە دروستە لە پاش نوێژی عەسریش بکرێت .

بۆیە دەبینین شێخ الاسلام ابن تیمیة دەڵێت : ئەو کارانەی کە بەندن بە هۆکارێکی دیاری کراوەوە، ئەگەر لەبەر ئەو کاتانەی کە ڕێگری کراوە تێیدا نوێژ بکرێت، دوا بخرێت ئەوا هەموویان لەدەست دەچن و دەفەوتێن، بۆ نمونە : سوژدەی تیلاوەتی قورئان، یان نوێژی سڵاوکردن لە مزگەوت (تحیة المسجد ) یان نوێژی ڕۆژ گیران و مانگ گیران، یان سوننەتی دەست نوێژ، وەك لە فەرموودەکەی بیلالی حەشەبەشیدا هاتووە، هەروەها نوێژی ئیستخارە، ئەو نوێژەی کە ئەو کەسەی دەیکات دەیەوێت خوای گەورە دڵێ بەلایەکدا بخات ئەگەر دوو دڵ بوو لە کردنی کارێك، جا بۆ نمونە ئەگەر هاتوو لەبەر ئەوەی کاتی پاش عەسرە ئەو نوێژەی نەکرد ودوای خست ئەوا کارەکەی لەدەست دەچێت، هەروەها نوێژی تەوبەیش هەروایە، ئەگەر هاتوو کەسێك گوناهێکی کرد ئەوا واجبە خێرا تەوبە لە گوناهەکەی بکات

وداوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، و سوننەتیش وایە دوو ڕکات نوێژ بکات، پاشان داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، هەروەك چۆن لەو فەرموودەیەدا هاتووە کە ئەبو بەکری صدیق لە پێغەمبەری خواوە ( صلى الله عليه وسلم ) ڕیوایەتی کردووە .

چوارەم : چۆنیەتی ئەنجامدانی نوێژی تەوبەیش ئاوایە، دوو ڕکات نوێژ بکات، وەك ئەوەی لەفەرموودەکەی ئەبو بەکری صدیقدا هاتووە، ( خوای لێ ڕازی بێت ) .

دروست و ڕێگا پێدراویشە کە ئەو کەسەی کە تەوبە دەکات بە تەنها بیکات، چونکە نوێژی تەوبە یەکێکە لە نوێژە ( نافلەکان ) کە دروست نییە بە کۆمەڵ ئەنجام بدرێت، واباشیشە لە پاش تەواو بوونی کەسی تەوبەکار داوای لێخۆش بوون لەخوای گەورە بکات، وەك چۆن لەفەرموودەکەی ئەبو بەکردا هاتووە.

لە پێغەمبەری خوداشەوە ( صلی اللە علیە وسلم ) وارد نەبوو کە

لەو دوو ڕکاتەدا سورەتێکی دیاری کراویان تێدا بخوێنێت پاش

خوێندنی سورەتی ( الفاتحة )، بەڵکو دروستە کەسی نوێژخوێن

هەر سورەتێك دەخوێنێت بیخوێنێت .

موستەحەبیشە کە کەسی تەوبەکار لەگەڵ ئەوەی ئەم نوێژە

ئەنجام دەدات، زۆر تێ بکۆشێت لە پێناو ئەوەی کارێ خێر وباشە

ئەنجام بدات، چونکە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَإِنِّي لَغَفَّارٌ لِمَنْ

تَابَ وَآمَنَ وَعَمِلَ صَالِحاً ثُمَّ اهْتَدَى ﴾ [ طه : ٨٢ ] واتا : بێگومان من

زۆر لێخۆش بووم لەو کەسانەی کە تەوبە دەکەن و باوەڕیان

هێناوە و کاری باشە ئەنجام دەدەن و لەوەودوا ( تا دوا هەناسەی

ژیانی ) بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو ڕێبازە .

چاكترین كارێكیش كەسی تەوبەكار ئەنجامی بدات، صەدەقە وخێر كردنە، چونكە صەدەقە وخێر كردن گەورەترین هۆكارێكە بۆ ئەوەی خوای گەورە گوناهو تاوانەكان بسڕێتەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ إِنْ تُبْدُوا الصَّدَقَاتِ فَنِعِمَّا هِيَ وَإِنْ تُخْفُوهَا وَتُؤْتُوهَا الْفُقَرَاءَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَيُكَفِّرُ عَنْكُمْ مِنْ سَيِّئَاتِكُمْ ﴾ [سورة البقرة : ٢٧١ ] واتا : ئەگەر خێرو چاكە و بەخشینەكانتان بە ئاشكرا ئەنجام بدەن ئەوە شتێكی چاكە، خۆ ئەگەر بیشارنەوە و بیدەن بە هەژاران بە نهێنی ئەوە چاكترە بۆتان، جا ( بەو بەخشینە ) خوا هەندێك لە گوناهەكانتان دەسڕێتەوە و خوا ئاگایە بەو كارو كردەوانەی كە ئەنجامی دەدەن.

لە كەعبی كوڕی مالیكیشەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ثابت بووە كاتێك خوای گەورە تەوبەكەی لێ گیرا كرد ووتی : ئەی

پێغەمبەری خوا بێگومان بەشێك لە تەوبە كردنەكەم ئەوەیە واز

دەهێنم لەماڵ وسامانەم و دەیبەخشم بەخوای گەورە

وپێغەمبەرەكەی، پێغەمبەری خوداش فەرمووی : هەندێك لەماڵ

وسامانەكەت لای خۆت بهێڵەوە ئەوە باشترە وخێر ترە بۆ تۆ،

ئەویش ووتی : منیش ئەو بەشە هەڵدەگرمەوە كە خێرترە بۆ من (

متفق علیە ).

پوختەی ئەمەش ئاوایە :

١- ئەم نوێژە لە پێغەمبەری خوداوە ( صلی اللە علیە وسلم )

وارد بووە و ڕێگای پێدراوە .

٢- هەركاتێك مرۆڤی موسڵمان هەر گوناهێكی كرد دروستە ئەم

نوێژە بكات، ئیتر گوناهی گەورە بێت یان گوناهی بچووك،

ڕاستە خۆ پاش گوناهەكە بێت، یان ماوەیەكی بەسەردا تێپەڕ

بووبێت .

٣- ئەم نوێژە لەهەموو کاتێکدا ئەنجام دەدرێت، لەو کاتانەشی کە ڕێگری کراوە کە تێیاندا نوێژی بێ هۆکار ئەنجام بدرێت .

٤- موستەحەبە و واباشە ئەو کەسەی تەوبە دەکات لەگەڵ ئەنجامدانی ئەم نوێژەدا هەندێکی کاری تر خێر وباشە ئەنجام بدات بۆ ئەوەی زیاتر لەخوای گەورە نزیك بێتەوە، وەك صەدەقە وخێر کردن، و کارە خێرەکانی تر .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام